# ڕونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر گۆشەی نێچیری هەفتە

**عەلی مەحمود محەمەد 2005-4-28**

ئەم هەفتەییەی ڕۆیی , گۆشەی نێچیری هەفتە بە بڕیارێکی باڵا ڕاگیرا لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان , ئەو بڕیارە لە دەرەوەی ئیرادەی دەستەی نوسەران و منەوە بوو , لەوانەشە لە دەرەوەی ئیرادەی حیزبەکەشەوە بوبێت , من پێخۆشحاڵ بووم لە ڕێگەی ئەم گۆشەیەوە هەفتانە لە شێوازێکی تایبەتدا ئێش و ئازاری جەماوەری ڕەنجدەر و ستەمدیدە بگەیەنم بە کۆمەڵ , ئەم هەفتەیە زۆر کەس چاوەڕوانی گۆشەکەیان کردووە , بزانن کێ بووە بە نێچیر , بەڵام لە جەنگەڵستاندا , هەموو بونەوەرێك لەهەر لەحزەیەکدا ئاساییە خۆی ببێت بە نێچیر , ئەو یاسایە ئەمجارە نێچیری گرتەوە .

من سوپاسی خوێنەران و تەواوی ئەو ڕادیۆو سایدە کوردییانە دەکەم لە کوردستان و هاندەران دەنگی منییان گەیاند بە جەماوەر , پەیمانیش بێت تا کۆتایی بە پاوانی دەسەڵات و گەندەڵی ئابڕو بەر و پێشێلی ئازادییە سیاسییەکان لەهەموو هەوڵێك بۆ گەڕانەوە مافە زەوتکراوەکان لە پاڵ سەدان دەنگی ڕەوای کەدا درێغی نەکەم .

هاوکات سوپاسی دەستەی نوسەرانی ڕێگای کوردستان دەکەم , لە نیگابانی بەردەرگاوە بۆ سەرنوسەرەکەی کە یەك ساڵ و نیوی ڕەبەق ئامادەیی ئەوەیان تێدا بوو گیانی خۆیان لە پێناو ووشەو بۆچونەکانی من لە ئەورووپاوە بخەنە مەترسییەوە .

لەم ساڵ و نیوەدا , زۆر گروپ و حیزب و بەرپرس و هاوڕێم بەرامبەر نوسینەکانی ئەم گۆشەیە لێم زویر بوون , بەڵام لە هیچیان پەشیمان نییم , زیاتر هەبوو دەبوایە بگموتایە , دەبێت ئەوانە پەشیمان بن کە مافی خەڵك پێشێلە کەن و خۆیان لە دەڵاڵخانەی سیاسەتدا مەزادە کەن .